٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " شوێنی تایبەت لە داوەتدا وە نمونەی فەریسی وباجگر" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ٣٧، 38، 40 ، 49. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما 6: 13 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون.

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٦: 1- 11. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٢٢)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور 37، 38 ، 40 ، 49) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما 6: 13

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ڕۆما 6: 13 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 6: ١- ١١

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما ١: ١٦ دەڵێت ئینجیل هێزی خودایە بۆ ڕزگاریی هەر کەسێك باوەڕ بهێنێ وە لە بەشەکانی ٣- ٥ فێرمان دەکات لەبارەی هێزی خوداوە بۆ ڕزگاریی و بێتاوانی باوەڕدار بە مەسیح . وە لە بەشی ٦ دەربارەی هێزی خودا کە باوەڕدار بە عیسای مەسیح پیرۆز دەکات وە لە ڕۆما ٥ لەبارەی یاساو پێگەی یاسای باوەڕدار بە مەسیح ئەوەی کە بێتاوانی دەکات تاهەتایە وە لە ڕۆما ٦ باسی پیرۆزیی دەکات هەروەها دۆخی ڕەوشت واتە یەکجار پیرۆزی دەکات بۆ تاهەتایە ڕۆما ٦: ١- ١٦ شرۆڤەی بیروباوەڕ دەکات و پێناسەی ئەوە دەکات کە باوەڕمان بە چی هەبێت بەڵام ڕۆما ٦: ١١ فێرکردنە لەبارەی کردەییەوە کە دەبێت چۆن باوەڕدار بژی .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٦: ١- 11 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 6: ١- 7

ئاشکراکردنی ١: پۆڵس بەڵگە دەخاتە ڕوو کە مەحاڵە باوەڕدار لە گوناهەدا بژی .

لە ڕۆما حزبێك هەبوو پێێ دەوترا "ناموسیەکان" واتە تەوراتیەکان ، ئەوان بەهەڵە فێرکردنیان دەکرد کە مرۆڤ بەکارکردن بە شەریعەت بێتاوان دەبێت ، لەبەرامبەردا حزبێکی دیکە هەبوو پێی دەوترا ، " بێ ناموسەکان " واتە بێ تەوراتیەکان ، ئەوانیش فێرکردنی هەڵەیان دەکرد کە مرۆڤ ناچار نیە بەپێی تەورات "شەریعەت" بژی ، بەڵکو دەتوانێ لە

گوناهەدا بژی ، پۆڵس هەردوو ئەم فێرکردنە هەڵەیەی ڕەتکردەوە و ڕوبەڕووی هەردولایان بووەوە و پێی ڕاگەیاندن کە مرۆڤ بەنیعمەتی باوەڕ بە عیسای مەسیح دەتوانێ بەپێی شەریعەتی خودا بژی ، وەکو ژیانێکی نوێی پیرۆز ئیدی بەم شێوەیە پۆڵس فێری کردن کە شەریعەت ئامراز و هۆکارێك نیە بۆ ڕزگاریی بەڵام پێوەرێکە بۆ ئەو شێوەیەی ڕزگارکراوان پێی دەژین .

أ . ڕۆما ٦: ١- ٢ فێردەکات لەبارەی بیروباوەڕی بێ ناموسەکان کە دژبەیەکن .

پۆڵس دەڵێ ئەگەر پێت وابێت کە مرۆڤ بێت بۆ مەسیح و ڕزگاری بێت لە گوناهەو دواتر بەردەوام بێت لە گوناهەکردن و لە ژیانی گوناهەدا بێت ئەمە شتێکی دژ بەیەك وپێچەوانەیە .

ب. ڕۆما ٦: ٣- ٤ فێر دەکات کە باوەڕدار لەگەڵ مەسیح یەکگرتوە لە مردنەکەیدا بۆیە دەبێت سەبارەت بە گوناهە بمرێت .

١کۆرنسۆس ١: ٣٠ .

ج. ڕۆما ٦: ٥- ٧ فێر دەکات کە باوەڕداری ڕاستەقینە لە هەستانەوەی مەسیح دا یەکگرتوە بۆیە حەز دەکات بە ژیانێکی نوێ بژی وە دەتوانێ ئەمە بکات .

ڕۆما ٦: ٨- ١١

ئاشکرای ٢ : پۆڵس بەڵگە دەخاتە ڕوو کە باوەڕدار بەدڵنیاییەوە دەگۆڕێت.

ڕۆما ٦: ١١ وایدانێن مردوون سەبارەت بە گوناهە و زیندوو لە عیسای مەسیحدا . ئەمەش ڕاستیە ئیدی ئێمە مردین سەبارەت بە هێزی گوناهەو دەتوانین بە ژیانێکی نوێ وپیرۆز بژین .

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 6: 1- 11 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 6: 1

پرسیاری ١ : کێن ئەوانەی پێیان وایە دەشێ باوەرداران بەردەوام بن لە گوناهە ؟

تێبینیەکان .

بەشی ٥ بە ڕستەیەك تەواو بوو " شەریعەت هات بۆ دەرکەوتنی زۆریی یاخی بوون بەڵام تا چەند گوناهە زۆر بێت نیعمەت زیاتر دەبێت ، ڕۆما ٥: ٢٠ . کۆمەڵێ لە خەڵکی بەهەڵە داڕشتنیان کردووە بۆ ئەم ئایەتە .

أ. بێ ناموسەکان پێداگریان دەکرد لەسەر کارکردنی خودا بەڵام بەپرسیارێتی مرۆڤیان پشتگوێ دەخست .

بێ ناموسەکان پێداگریان دەکرد لەسەر کاری عیسای مەسیح بەشێوەیەك ڕاستێتی پێویستی مرۆڤیان بە نوێبوونەوە ڕەت دەکردەوە " لەدایکبوونەوەی نوێ" وە تۆبەکردن وپیرۆزیی ، لەگەڵ ئەوەی کە عیسای مەسیح ڕزگاریی تەواوکرد بۆ باوەڕداران ودەستیان کەوت ئەوان باوەڕدار بوون بەڵام بە بەردەوام بوون لە گوناهەداو پێیان وابوو کە باوەڕدار پێویست ناکات هیچ شتێك بکات .

ب. بێ ناموسەکان پێداگریان دەکرد لەسەر نیعمەتی خودا بەڕێژەیەك کە ناموس "شەریعەتیان ڕەتکردەوە .

بێ ناموسەکان "بێ تەوراتەکان" باوەڕیان هەیە کە باوەڕداران لە ژێر سایەی نیعمەتدان بۆیە پێویست ناکات کاربەڕاسپاردەکانی شەریعەت بکەن بەڵام هەڵە بوون .

ڕۆما ٦: ٣- ٤

پرسیاری ٢: باپتیزی باوەڕداران واتای چیە ؟

تێبینیەکان .

بەپێی ڕۆما ٦: ٣ باپتیزم ئاماژەیە بۆ یەکگرتن لەگەڵ مەسیح و بەشداریکردن لەگەڵ مەسیح لە هەموو بەرەکەت و دەستکەوت ودیاریەکانی گەنجینەی مەسیح .

أ. مردن .

ڕۆما ٦: ٣- ٤ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٢ فێر دەکات کە باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەوانەی باپتیزکران لە عیسای مەسیحدا هەروەها لە مردنەکەیدا باپتیز کراون ، ئەوان نێژران لەگەڵ مەسیح و مردن لەگەڵیدا ، بەڵام نوێبوونەوە لە ڕۆحی پیرۆزدا هێمایەکە بۆ یەکگرتنی ڕۆحی لەمردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەیدا . ئیدی باپتیز هێمایە بۆ یەکگرتنی ڕۆحی باوەڕدار لە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەیدا .

ب. هەستانەوە .

ڕۆما ٦: ٥ فێردەکات کە باوەڕدارانی ڕاستەقینە یەکدەگرن لەگەڵ مەسیح لە هەستانەوەیدا لێرەدا هەستانەوەی مەسیح ئاماژە دەکات بۆ ژیانی هەستانەوەی ئێستا وە هەستانەوەی جەستە لە ئایندەدا .

ڕۆما ٦: ٦

پرسیاری ٣: جیاوازی چیە لە نێوان مرۆڤە کۆنەکە و مرۆڤی نوێ ؟

تێبینیەکان .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە جیاکاری بکەن لە دەستەواژەی مرۆڤی کۆن "سروشتی گوناهە " مرۆڤ وەکو ڕوالەت و لایەنی دەرەکی.

أ. مرۆڤی کۆن مردو مرۆڤی نوێ ئێستا هەیە .

مرۆڤی کۆن وێنەیەکە بۆ سروشتی نوێ نەبووەوە یان سروشتی لەدایک نەبووەوە ، ڕۆما ٦: ٦ . ئیدی ئەم سروشتە گوناهەیە بە تەواوەتی لەژێر دەسەلاتی گوناهەدایە ڕۆما ٨: ٦- ٨ .

بە باوەڕ هێنان بە عیسای مەسیح سروشتە کۆنەکە بە تەواوەتی لەخاچ دەدرێ بڕوانە گەلاتیە ٢: ٢٠ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٢ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥ مرۆڤی کۆن داماڵدراو پوچەڵ بووەوە کاتێ مرۆڤی نوێ لەبەرکرا ، کۆلۆسی ٣: ٩- ١٠ ئیدی ئەوان لەیەک کاتدا بەیەکەوە نابن .

ب. بەڵام تا ئێستاش سروشتە کۆنە گوناهە تاوانبارەکە لە مرۆڤە نوێیەکەدا هەیە.

ڕۆما ٦: ٧ ؛ ٧: ١٨ ؛ ٨: ٢ ؛ ڕۆما ٦: ١٣ ، ١٩ ؛ گەلاتیە ٥: ١٦- ٢٣ ؛ ڕۆما ٨: ٩ ، ١٣ ؛ ڕۆما ١٢: ١- ٢ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٠ .

ج. دەشێ جیاکاری بکرێت لە مرۆڤە نوێیەکەدا لەڕێگەی مرۆڤی ڕوالەتی و دەرەکی هەروەها مرۆڤی ناخ و ناوەڕۆك .

٢كۆرنسۆس ٤: ١٦ ؛ ٢كۆرنسۆس ٤: ٧ ؛ ٢كۆرنسۆس ٤: ١٠- ١١ ؛ ٢كۆرنسۆس ٤: ٦ ؛ ٢كۆرنسۆس ١: ٢٢ ؛ ٥: ٥ ؛ ئەفسۆس ٣: ١٦- ١٧ . پۆڵس لێرەدا باسی ڕاستیەکی مەزنی باوەڕداران دەکات کە بینینی ڕواڵەتی باوەڕداران پەیوەندی بە ئەزموندارى نوێبوونەوەی ناخ هەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ !

هەنگاوی ٤: **پەیڕەوی بکە**. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٦: 1- 11 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 6: 1- 11 .

6: ١ : بیر بکەوە لە نەریتە گوناهەو تاوانەکانت ، بڕیار بدە دەرباز بیت لەو نەریتە تاوانانە و بەردەوام نەبیت لە گوناهەکردن .

٦: ٣- ٤ : بزانە کاتێ باوەڕ دەهێنی بە عیسای مەسیح و متمانەی پێ دەکەیت ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی گوناهەو کۆیلایەتی کردنی، وە دەتوانی سەرکەوتوو بیت بەسەر بیری گوناهەو کارو نەریت وخەسڵەتەکانی گوناهەو تاوانی ڕابردووت ئەگەر بتەوێ .

٦: ٣- ٤ : بەباشی و ڕوونی بزانە واتای باپتیزکردنی باوەڕداران نیشانەو هێمای دەرەکیە بۆ یەکگرتنی ڕۆحیی لەگەڵ مەسی حو بەشداریکردن لەکارەکانیدا ، ڕزگاریەکەی لە ڕابردووداو ئێستاو ئایندەدا ، وە هێمایە بۆ بەشداریکردن لە بەرکەتی مردنەکەی لە بری تۆ واتە ئەو بەرەکەتەی گوناهەکانت دەشواتەوە بڕوانە کردار ٢٢: ١٦ ئەمەش واتە لێخۆشبوونت دەستکەوت کردار ٢: ٣٨ یان بێتاوانبوون ڕۆما ٦: ٧ .

٦: ٥- ٦ : بزانە دۆخی یاساییت وێنەیەکە بۆ بێتاوانی کە ناکرێ جیا بکرێتەوە لە دۆخی ئەخلاقی کە وێنەیەکە بۆ پیرۆزیی ، چونکە کاتێ بەشداری دەکەیت لە مردنەکەیدا ئیدی تۆ بەشداری دەکەیت هەروەها لە هەستانەوەیدا بۆیە بە ژیانێکی نوێ لە مەسیحدا بژی .

٦: ١٠- ١١ : بە ژیانی نوێت بژی بۆ ڕەزامەندی خودا .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ خۆم وا دابنێم کە مردووم سەبارەت بە گوناهەو زیندوو بۆ خودا . چێژ دەبینم لەو ڕاستیەی کە سروشتی گوناهەو تاوانم پوچەڵ بووەوە ، وە ئازادم لە کۆیلایەتی گوناهەو بەردەوام بوون لە تاوان ، دەمەوێ لەیادم بێت ئەو ڕاستیەی کە من ئێستا زیندووم بۆ خودا وە ئەو ڕاستیەی کە دەبێت ژیانێکی پیرۆز بژیم هەمیشە .

ب. دەمەوێ لەیادم بێت کە باوەڕدارانی ڕاستەقینە بەشداری هەموو بەرەکەتەکان و سودەکانی مردنی مەسیح دەکەن و هەموو بەرەکەتەکانی هەستانەوەشی هەروەها ! مردنی ڕۆحیم لەگەڵ مەسیحدا دەبێتە مایەی پوچەڵ کردنەوەو پەکخستنی هێزی سروشتی گوناهەوتاوان ، ڕۆما ٦: ٧ حوکمدرا بەسەر سروشتی گوناهەو تاوان بە مردن وە بە درێژایی ژیانم

ئەم حوکمە جێبەجێ کرا ، بەڵام لەڕێگەی کاری ڕۆحی پیرۆز تیامدا ئەم هێزی سروشتی گوناهەیە پوچەڵ دەکاتەوە زیاتر وزیاتر ، ئیدی من هێزم پێ بەخشرا بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ وپیرۆز بژیم .

هەنگاوی ٥ : نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**
بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 6: 1- 11 . (بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 6: 1- 11.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور 50، 51، 58 ، 62 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما 6: 23 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- فێرکردن : نمونەی" خزمەتکارە بێ بەزەییەکە " ئامادە بکە لە مەتا ١٨: ٢٣- ٣٥ دا هاتوە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .